# دوو دیمەنی نابەرابەر

**شاخەوان شۆڕش**

**ئەوەی خوارەوە دوو دیمەنی ڕاستەقینەی دوو سوچی بچوکی ئەمڕۆی باشوری کوردستانن ....**

**دیمەنی یەکەم**: کابرای رۆژنامەگەر خەریکی پرسیار لە ژنە ڕەشپۆشەکەی دیکە بوو و پرسیاری بارودۆخی ژیانیانی دەکرد, لەوکاتیدا ئەو بەبەرگی ڕەشی لە تۆزوخۆڵ ئالاو و بەدەستوپەنجەی رەق و شەقاربووی خەریکی پێچانەوەی چیلکەدار و پووش و پەراشەکان بوو. گوێی لێیان بوو, هەر پرسیارێکی کابرای ئەفەندی سەرهەڵدانەوەی برینێکی 17 ساڵ لەمەوبەر بوون, زووخاو و خوێناو بوون, گێرانەوەی نارەوایەتیەکان بوون, درێژەی داماوی و هەژاری بەردەوام بوون. ئەو هەناوی دەکوڵا و نەیدەزانی چۆن چیلکەکان بەیەکەوە دەنێ و چاوەڕێی نۆرەی خۆی دەکرد. بەقەد هەموو جیهان ڕقی لەکامیراکە و ئەو پرسیارە دووبارە و سەدبارانە دەبۆوە, بەلام چی بکات, ئێهـ بەڵکو ئەو جارە ئەوە تروسکاییەکی پێوەبێت, بەڵکو ئەوە یارمەتیەکی بچوک بۆ گوزەرانی تاڵی ڕۆژانەیان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. ئەو چەند خولەکە دوورودرێژەی هاورێکەی کۆتایی هات و نۆرەی ئەو هات. کابرای ئەفەندی رووی دەمی تێکرد و پرسیارێکی کرد, لەپرسیارەکەدا چەند جارێک ناوی ئەنفال هات. ئەو هێندە گوێی بەپرسیارەکە نەدا و هێندە بیری لێ نەکردەوە, *ئەدی هەمووی هەر وەکو ئەوانی دیکە نین*. ئەو کە بەسەر چیلکەدارەکاندا خوار ببۆوە, گورج قیت بۆوە و بە سیمای پرلەئاخی تۆزاویەوە, دەمی کردەوە:

*"کەسوکارم گشتی ئەنفالن"*.

**دیمەنی دووەم**: ترومبێلە لوس و بریقەدارەکە لەبەر دەرکی دوکانەکان وەستا. گاردەکان خۆیان هەڵدایە خوارەوە و دەرگایان بۆ خانمێکی پۆشتە کردەوە. خانم هاتەخوارەوە و شاهانە بەرەو دوکانەکان رۆیی. بەر لەوەی گاردەکان زار لێک بکەنەوە خەڵکی سەر شەقامەکە بەپەلە ڕێگاکەیان چۆلکرد. گاردەکان وادەوری خانمیان دابوو کەس نەیدەتوانی سیما و ڕوخساری خانمەکە ببینێت. خانم چووە دوکانێک و سەیری چیتی ئالواڵا و رەنگاورەنگی دوکانەکەی کرد و دەستی لەسەر هەندێکیان دانا, خاوەن دوکان زۆر بەپارێزەوە بێ ئەوەی چاوی لێ بکات هەموویانی نووسی. خانم چووە دوکانە زێڕینگرەکەی تەنیشت, دەستی لەسەر هەندێ پارچەزێڕ دانا, ئەوانیشی بۆ خرایە لیست و پاش کەمێک چووە دوکانەکەی تر, کە هەموو داخوازیەکانی بەدیهێنا بەرەو ترومبێلەکە ڕۆیی, دەرگاکەی بۆ کرایەوە و سواربوو. ترومبێلەکە بە گڕوفڕی نەرم و نزم, بەفیزەوە خشەی هات و شەقامەکەی جێهێشت.

**2005.4.16**